# ئاسایشی نەتەوەییی کورد و مەسەلەی دێموکڕاسی لە ئێراندا

ئیدریس ئەحمەدی

”

ئەم وتارە هەوڵ دەدا وڵامی چەند پرسیارێکی پێکەوە گرێدراو بداتەوە: ئایا ئێران مایەی ئەوەی تێدایە بەرەو دێموکڕاسی گوزار بکا؟ ئەگەر ئەو مایەیەی تێدایە، ئایا ئەوە لە ڕێگای ڕێفۆرم یان شۆڕشێکی دیکەوە دەبێ؟ ئایا دێموکڕاسی دەتوانێ چارەسەری مەسەلەی نەتەوایەتی بکا؟

“

## پوخته

لە ســاڵانی دواییدا هێندێک ڕووناکبیر و چالاکی سیاســیی کورد، بــەو دەرئەنجامە گەیشــتوون کە دێموکڕاســی لــە ئێراندا ناتوانێ مەســەلەی نەتەوایەتــی چارەســەر بکا. هێندێــک تەنانەت بە گومانن ســەبارەت بەوەی کــە ئێران هەرگیز بتوانــێ گــوزار بکا بــەرەو دێموکڕاســی. تاکوو ســەبارەت بــە دێموکڕاســی و پەیوەندیــی ئەو لەگەڵ چارەســەرکردنی مەســەلەی نەتەوایەتی لێکۆڵینەوەی جیدی ئەنجام نەدرێ، پێشنیارکردن بە حیزبە سیاســییەکان یان فشــار هێنان بۆیان کــە واز لە ئامانجی وەدیهێنانی دێموکڕاســی لە ئێراندا بێنن، کارێکی بەسوود نایەتە بەرچاو — بە تایبەت تاکوو ئەو کاتەی ستراتێژییەکی گونجاوتر وەک بەدیــل دانەڕێژرابێت. گوزارەی ســەرەکیی ئەم وتارە ئەوەیە کە لەگەڵ ئەوەی پێویست دەکا لێکۆڵینــەوەی جیددی ســەبارەت بە پەیوەندیی نێوان دێموکڕاســی و چارەســەری مەســەلەی نەتەوایەتی ئەنجام بدرێ، بەرژەوەندیی ئاسایشی نەتەوەیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان وێڕای ســەبری ستراتێژیک وا دەخوازێ کە بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کورد لەو بەشەی کوردستاندا، لەسەر تێکۆشان لە پێناو دێموکڕاسی لە ئێراندا بەردەوام بێ.



## وشەی کلیلی

دێموکڕاســی، مەســەلەی نەتەوایەتــی، ئێران، ڕۆژهەڵاتــی کوردســتان، ئاسایشــی نەتەوەیی، سپانیا، ئۆتۆنۆمی، فێدرالیزم


## سەرەتا

لە ســاڵانی دواییدا هێندێک ڕووناکبیر و چالاکی سیاســیی کورد، بــەو دەرئەنجامە گەیشــتوون کە دێموکڕاســی لــە ئێراندا ناتوانێ مەســەلەی نەتەوایەتــی چارەســەر بکا. هێندێــک تەنانەت بە گومانن ســەبارەت بەوەی کــە ئێران هەرگیز بتوانێ بەرەو دێموکڕاسی گوزار بکا. ئەو بۆچوونانە زۆرتر لە تــۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بەدی دەکرێن. هەروەها ڕوون نییە کە ئەو بۆچوونانە چەندە لە نێو ڕووناکبیران و چالاکانی سیاســیی کورددا یان لە نێو خەڵکی کوردستاندا بەربڵاو بن.

جێگای ئاماژەیە کە لێکۆڵینەوە سەبارەت بەو مەســەلەیە نەکراوە. هەڵبەت بە لەبەرچاوگرتنی گرنگبوونی سیاســیی ئەو مەســەلەیە، هەروەها بــە ڕەچاوکردنی ئەوەی کــە زۆربەی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، وەدیهێنانی دێموکڕاسییان وەک ئامانجی سیاســیی خۆیان دیاری کردووە، پێویست دەکا ســەبارەت بەو مەسەلەیە باسێکی جیــددی بکــرێ. ئــەو مەســەلەیە هەروەها لە ڕوویەکی دیکەشــەوە گرنگە: ئەگەر دێموکڕاسی چارەسەری مەســەلەی نەتەوایەتی ناکا، هەروەها ئەگــەر ئێران مایــەی ئەوەی تێــدا نەبێ بەرەو دێموکڕاســی گوزار بکا، ئەوجا بزووتنەوەی کورد پێویست دەکا پێداچوونەوە بە ستراتێژیی سیاسی خۆیــدا بکا. بەدەر لە هێندێــک حیزبی بچووک، حیزبــە ســەرەکییەکان، ئامانجیــان پێکهێنانی ئێرانێکی دێموکڕاتیک و فێدراڵە.

بــەو پێیە، ئەم وتارە هەوڵ دەدا وڵامی چەند پرســیارێکی پێکەوە گرێدراو بداتــەوە: ئایا ئێران مایــەی ئەوەی تێدایە بەرەو دێموکڕاســی گوزار بــکا؟ ئەگەر ئــەو مایەیەی تێدایە، ئایــا ئەوە لە ڕێگای ڕیفــۆرم یان شۆڕشــێکی دیکەوە دەبێ؟ ئایا دێموکڕاســی دەتوانێ چارەسەری مەسەلەی نەتەوایەتی بکا؟

لە پێناو وڵامدانەوە بەو پرســیارانە، ئەم وتارە ســەرەتا باس لە ئەگەری دێموکڕاسی لە ئێراندا دەکا. دواتر وتارەکە دەپەرژێتە ســەر پەیوەندیی نێوان دێموکڕاســی و چارەسەرکردنی مەسەلەی نەتەوایەتی لە ڕوانگەیەکی بەراوردکارییەوە. زۆرتر تەرکیــز دەکرێتە ســەر بەراوەردکردنی ئێران و ســپانیا، دوو وڵات کە سەرەڕای جیاوازییەکانیان، خاڵی وێکچوونیان زۆرە.

گــوزارەی ســەرەکیی وتارەکــە ئەوەیە کە لەگــەڵ ئــەوەی پێویســت دەکا لێکۆڵینەوەی جیددی سەبارەت بەو پرسیارانەی سەرەوە ئەنجام بدرێ، بەرژەوەندیی ئاسایشی نەتەوەیی کورد لە

ڕۆژهەڵاتی کوردستان وێڕای سەبری ستراتێژیک وا دەخوازێ کە بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کورد لەو بەشەی کوردستاندا بەردەوام بێ لەسەر تێکۆشان لە پێناو دێموکراسی لە ئێراندا.

## ئەگەری دێموکراسی لە ئێراندا

سەبارەت بە گوزار بەرە دێموکراسی، لە زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا بۆچوونی زۆر هەیە. بە مەبەستی سادەکردنەوە، دەکرێ سێ بۆچوونی سەرەکی لێک جیا بکەینەوە. یەکەم، هێندێک لە لێکۆڵەران پێداگری لەسەر کۆمەڵێک پێشمەرجی ئابووری و کۆمەڵایەتی دەکەن بۆ ئەوەی وڵاتێک بتوانێ بەرەو دێموکراسی گوزار بکا؛ لەوانە، ڕادەی گەشەی ئابووری، ڕادەی شارنشینی، ئاستی خوێندەواریی هاووڵاتیان، قەوارەی چینی نێوەڕاست و هتد. ئەمانەش بە نۆرەی خۆیان دەکەونە خانەی پرۆسەی مۆدێرنیزاسیۆنەوە.

دووهەم، هێندێک لێکۆڵەر گرنگی دەدەن بە دەوری ئەکتەرە سیاسییەکان، بە تایبەت نوخبەی سیاسی. دەکرێ هەروەها دەوری ئۆپۆزسیۆنیشی لێ زیاد بکەین، بە تایبەت کە ئەگەڕێتەوە سەر وڵاتێکی وەک ئێران. بە واتایەکی دیکە، گرنگە هەم دیدی ستراتێژیکی باڵەکانی ڕێژیم لەو پەیوەندییەدا لەبەرچاو بگیردرێ، هەمیش دیدی ئۆپۆزسیۆن لەمەڕ دێموکراسی. بە کورتی، بۆچوونی یەکەم پێداگری لەسەر فاکتەری پێکهاتەیی (ساختاری) یان پێشمەرجی ئابووری و کۆمەڵایەتی دەکا لە کاتێکدا بۆچوونی دووهەم پێداگری لەسەر ئەکتەرە سیاسییەکان و دید و ستراتێژییان دەکا.[١]

سێهەم، هێندێک لێکۆڵەری دیکە بایەخ دەدەن بە فاکتەری کولتووری لە پەیوەندی لەگەڵ دێموکراتیزاسیۆن و دێموکراسیدا. لەو ڕووەوە باس لە «کولتووری سیاسی»ی تایبەت بە دێموکراسی دەکرێ کە بەهاگەلێک وەک «کۆدەنگی» و «تەنازولکردن» لە پرۆسەی سیاسیدا لە خۆی دەگرێ.[٢]

کە ئەگەڕێتەوە سەر ئێران، پێویست دەکا لێکۆڵینەوەی جیددی و سیستەماتیک سەبارەت بە پێشمەرجی ئابووری و کۆمەڵایەتیی دێموکراتیزاسیۆن لەو وڵاتەدا ئەنجام بدرێ. هەوڵێکی وا لە دەرەوەی توانای ئەم وتارەدایە. لە ساڵی ٢٠١٠دا، لێکۆڵەرێکی فارس لە وتارێکدا ئاماژە بەوە دەدا کە لەگەڵ ئەوەی زۆربەی دانیشتوانی ئێران خوێندەوارن و لە شاردا دەژین، بەڵام «٨٠ دەرسەدی ئابووریی ئێران لە دەستی دەوڵەتدایە، هەروەها کەرتی تایبەت گرێدراوی [دەوڵەتە] و لەرزۆکە و ئێرانییانی ژێر تەمەنی ٣٠ ساڵ نە خاوەن موڵکن و نە سەر بە چینی نێوەڕاستن.» لە درێژەدا و دەنووسێ: «فەرهەنگێکی سیاسیی [کە بریتی بێ لە] کۆدەنگی و تەنازولکردن هێشتا جێ نەکەوتووە» لە ئێراندا.[٣] لەگەڵ ئەوەی ئەو وتارە دە ساڵ کۆنە، بەڵام بە پێی داتایەک کە ئەوکات لەبەردەستدا بوو، گومان دەخاتە سەر ئەوەی کە ئەگەر بێت و ڕێژیم بڕووخێ، ئێران پێشمەرجی ئەوەی هەبێ کە بەرەو دێموکراسیی جێگیر گوزار بکا.

ئەو لێکۆڵەرە هەروەها هاوشێوەی زۆر لێکۆڵەری دیکە نەوت وەک «بەڵایەک» لە قەڵەم دەدا و بە سێ هۆ وەک بەربەستێکی جیددی لە سەر پرۆسەی دێموکراتیزاسیۆن بەرجەستەی دەکاتەوە: یەکەم، نەوت لە ڕووی سیاسییەوە دەوڵەت لە پەیوەندی لەگەڵ کۆمەڵگادا سەربەخۆ و بێ منەت دەکا، هاوکات کە بە وەرگرتنی باجی کەم و دابینکردنی خۆشبژێوی (رفاه)، وەفاداریی سیاسی خەڵک بۆ حکومەتی حاکم دەکڕێ؛ دووهەم، لە وڵاتگەلێکدا کە نەوت سەرچاوەی سەرەکیی داهاتیان پێکدێنێ، ئیمکانی ئەوە بۆ دەوڵەت پێکدێنێ کە دامەزراوەی داپڵۆسێنەری زەبەلاح بۆ سەرکوتکردنی ئۆپۆزسیۆن و خەڵک پێکبێنێ؛ سێهەم، داهاتی بەرچاوی نەوت ڕێگری لە پرۆسەی مۆدێرنیزاسیۆن لە شکڵی بەسەنعەتیکردنی ئابووریی وڵات دەکات، ئەمەش بە نۆرەی خۆی ڕێگرە لە سەرهەڵدانی کەرتی تایبەتی بەهێز و هەروەها سەرهەڵدانی چینی ناوەڕاستی سەربەخۆ و بەهێز. ئەگەریش چینی

نێوەڕاست لە وڵاتانی خاوەن نەوت سەرهەڵ بدا، دەبنە مووچەخۆری دەوڵەت و بەرژەوەندییان لە پاراستنی نیزامی مەوجوودا دەبێ. ئەم سێ ئاکامە خراپەی نەوت لە ئێراندا بە ڕوونی بەدی دەکرێ.[۴]

«میساق پارسا»، لە بەرهەمێکی گرنگدا لە ژێر ناوی «دێموکڕاسی لە ئێراندا بۆ شکستی هێنا و چۆن دەکرێ سەرکەوێ»، ئاماژە بەوە دەدا کە ئاستی خوێندەواریی هاووڵاتییان لە ئێراندا ڕووی لە زیادبوون کردووە.[۵] بە تایبەت ڕادەی دەرچووانی زانکۆکان بە شێوەی بەرچاو ڕووی لە زیادبوون کردووە و دەوری خوێندکاران لە تێکۆشان لە پێناو دێموکڕاسیدا بەرجەستە دەکاتەوە.

ڕاستییەکەی، پارسا بە ڕوونی وڵامی ئەو پرسیارە ناداتەوە کە ئایا لە ئێراندا پێشمەرجی ئابووری و کۆمەڵایەتی بۆ ئەوەی وڵات بەرەو دێموکڕاسی گوزار بکا لە ئارادان یان نە؟ گرنگیی لێکۆڵینەوەی پارسا لەوەدایە کە لە ڕوانگەیەکی بەراوردکارییەوە دەیەوێ وڵامی ئەو پرسیارە بداتەوە کە ئایا ئێران لە ڕێگای ڕیفۆرمەوە یان لە ڕێگای شۆڕشەوە دەتوانێ بەرەو دێموکڕاسی گوزار بکا؟

تێگەیشتنی من لە پارسا ئەوەیە کە بە بۆچوونی ئەو، لە ئێراندا لە ئاست جەماوەردا، ویست و داخوازیی گوزار بەرەو دێموکڕاسی لە ئارادا هەیە. پارسا ڕێژیمی پەهلەوی و کۆماری ئیسلامی وەک بەربەستی سەرەکی لە سەر ڕێگای دێموکڕاتیزەبوونی ئێران بەرجەستە دەکاتەوە. ناوبراو لەو پەیوەندییەدا، پێداگری لەسەر چەند خاڵێک دەکا. یەکەم، ئەو لایەنانەی لە شۆڕشی ١٩٧٩دا بەشدارییان کرد، یەکدەست نەبوون و ئەو هاوپەیمانییەی کە پێکهات دژ بە شا، بەرە بەرە شکڵی گرت. لەگەڵ ئەوەی خومەینی و ئیسلامییەکان توانییان سەرکردایەتیی ئەو شۆڕشە بکەن و لە ئاکامدا کۆماری ئیسلامی دابمەزرێنن، خومەینی پێش گەڕانەوەی بۆ ئێران، دژ بە دێموکڕاسی نەبوو، بەڵکوو دواتر و بە سەپاندنی سیستەمی «ویلایەتی فەقیهی» ئەجێندای ڕاستەقینەی ناوبراو دەرکەوت. دەنا پارسا ئاماژە بەوە دەدا کە ئەو لایەنانەی لە شۆڕشدا بەشدار بوون، ئازادی، سەربەخۆیی و دادپەروەریی کۆمەڵایەتییان دەویست.

دووهەم، پارسا ئاماژە بەوە دەدا کە حیزبی دێموکڕات داوای دێموکڕاسی بۆ تەواوی ئێران و خودموختاری بۆ کوردستانی دەکرد، بەڵام ڕێژیمی ئیسلامی حیزبی دێموکڕات و خەڵکی کوردستانی سەرکوت کرد. پارسا هەروەها ئاماژە بەوە دەدا کە خوێندکاران لە پاش شۆڕشەوە دەوری بەرچاویان هەبوو لە خەبات لە پێناو دێموکڕاسیدا.

سێیهەم، بە گوێرەی تێگەیشتنی پارسا، ئەوانەی کە بە «ڕیفۆرمخواز» ناسراون، ئامانجیان ڕیفۆرمکردنی کۆماری ئیسلامی بووە. بەتایبەت ئاماژە بە «بزووتنەوەی سەوز» دەدا وەک بزووتنەوەیەک کە بە پێی تێگەیشتنی ئەو، ئامانجی دێموکڕاسی بوو. لەو پەیوەندییەدا ئاماژە بەوە دەدا کە لەگەڵ ئەوەی سەرانی «بزووتنەوەی سەوز» ئامانجیان تێپەڕاندنی کۆماری ئیسلامی نەبوو، بەڵام لایەنگرانی ئەو بزووتنەوەیە، دواجار دروشمەکانیان دژ بە کۆماری ئیسلامی و خامنەیی بوو.

چوارەم، ئاماژە بەوە دەدا کە داخوازیی ئەوانەی کە لە چوار دەیەی ڕابردوودا پەیتا پەیتا خۆپێشاندان و ڕاپەڕینیان ئەنجام داوە، ڕادیکاڵیزەتر بووە و خوازیاری ئازادی و دێموکڕاسین.

بە کورتی، پارسا لەسەر ئەو باوەڕەیە کە لە ئێراندا، خەڵک دێموکڕاسییان دەوێ. لەگەڵ ئەوەی ڕێژیم بەردەوام دەستی بردووە بۆ سەرکوتکردنی ئۆپۆزسیۆن و خوێندکاران و خەڵک لە ئێراندا، بەڵام نارەزایەتی ڕووی لە زیادبوون کردووە و بەربەرەکانێی «پاسیف» (واتە، ڕاوەستان لە بەرانبەر سیاسەتە سەپێندراوەکانی ڕێژیم لە بواری کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەوە) بووە بە دیاردەیەکی بەربڵاو. لەگەڵ ئەوەی کۆماری ئیسلامی دەیهەوێ لە ئاستی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیدا خۆی بسەپێنێ، خەڵک لەو بارەیەوە

بـــە شـــێوەیەکی «پاســـیڤ» بەربەرەکانێ لەگەڵ ڕێژیمدا دەکـــەن. ئەمەش نیشـــانەی ئەوەیە کە خەڵک هـــەم دژ بە ڕێژیمـــن، هەمیش گۆڕانیان دەوێ. هەروەها پارســـا دەنووسێ کە ئەگەر بێت و ڕێژیمی ئیســـلامی ڕێـــگا بدا بـــە ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ئازاد، ئەوجا دەســـەڵاتدارانی کۆماری ئیســـلامی دەسەڵات دەدۆڕێنن. کۆی ئەمانە دەکا بە بنەما بۆ ئەوەی بەو دەرئەنجامە بگا کە خەڵک لە ئێراندا دێموکراسییان دەوێ.[۶]

بەربەســـتی ســـەرەکی لـــە ســـەر ڕێـــگای دێموکراتیزەبوونـــی ئێران لە ڕوانگەی پارســـاوە، ڕێژیمی کۆماری ئیســـلامییە، هـــەر وەک چۆن ڕێژیمی شـــا بەربەســـت بـــوو لە ســـەر ڕێگای دێموکراسیدا لە ئێران. بۆیە، پارسا زۆرتر دەپەرژێتە ســـەر چۆنیەتیی گوزار بەرەو دێموکراســـی. لەو پەیوەندییەدا دەنووسێ ئەگەر وڵاتێک ڕێژیمێکی دیکتاتـــۆر تێیدا حاکم بێ، لـــە دوو ڕێگا زیاتری نییە بۆ گـــوزار بەرەو دێموکراســـی: یان ڕیفۆرم، یان شۆڕش. ئەمەش بە نۆرەی خۆی لە ئەساسدا دەگەڕێنێتەوە بۆ ئایدۆلۆژیی ڕێژیمی حاکم.

بە بەراوەردکردنی ئێران لەگەڵ ئەو وڵاتانەی کـــە یان لە ڕێـــگای ڕیفۆرمـــەوە (لەوانە کۆریای باشوور و تایوان) یان لە ڕێگای شۆڕشەوە (لەوانە فیلیپیـــن، ئەندۆنێزی، میســـر، تونێـــس و هتد) گوزاریان بەرەو دێموکراســـی کردووە، پارسا بەو دەرئەنجامە دەگا کە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی، بە ئەگەری زۆر ئیمکانی ئەوەی نییە لە ڕێگای ڕیفۆرمەوە بەرەو دێموکراســـی گوزار بکا. هۆی ئەمەش دەگەڕێنێتەوە بۆ چەند فاکتەرێک:

**۱** دەســـەڵات لە کۆماری ئیسلامیدا لە دەستی کەمینەیـــەک، واتـــە مەلاکاندا، کـــۆ کراوەتەوە. مـــەلاکان کۆمەڵێـــک ئیمتیـــازی تایبەتیان پێ دراوە، لـــە کاتێکدا زۆرینەی دانیشـــتووانی وڵات بێبەش کراون لە دەســـەڵاتی سیاســـی. ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی کە کۆماری ئیسلامی دەست بەرێ بۆ زەبروزەنگ و ســـەرکوتکردنی بەردەوامی ئۆپۆزســـیۆن و خەڵـــک. بە بێ ســـەرکوتکردنی بەردەوام، ڕێژیم ناتوانێ لە دەسەڵاتدا بمێنێتەوە.

**۲** ئایدۆلۆژیـــی کۆمـــاری ئیســـلامی لە ســـەر ئەساســـی سیســـتەمی «ویلایەتی فەقیهی»، واتە حکومەتی خودا، ڕاوەســـتاوە و بەو بۆنەیەوە، دژی دێموکراسییە.

**۳** کۆمـــاری ئیســـلامی، لـــە پێناو ســـەپاندنی سیاســـەتی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی ئیسلامیدا بەردەوام دەســـتێوەردان لە ژیانی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیدا دەکا. بەو بۆنەیەوە، ڕێژیم هەر جۆرە گۆڕانێک بە خەتەر دەزانێ و دژی ڕادەوەستێ. بە تایبەت فەرهەنگ و بەها کۆمەڵایەتییەکانی غەرب بە خەتەر لە سەر خۆی دەزانێ. هەر بەو بۆنەیەوە، لیبراڵ دێموکراســـی بە خەتەری ستراتێژیک لە سەر خۆی دەزانێ.

**۴** سیاســـەتی ئابووریـــی کۆماری ئیســـلامی و دەســـتێوەردانی بەردەوام و بەربـــڵاو لە ئابووریی وڵاتدا بووەتە هۆی بەهێزکردنی نوخبەی سیاسی و بە تایبەتی سپای پاسداران لە ئێراندا، لە کاتێکدا گەشەی ئابووریی وڵات پەکی کەوتووە. گەندەڵیی بەربڵاو یەکێکی دیکە لە لێکەوتەکانی سیاسەتی ئابووریی ڕێژیمە. ئەمەش بە نۆرەی خۆی بۆشاییی نێـــوان کۆمەڵگا و دەوڵەتی بەرینتر کردووەتەوە و بووەتە هۆی زیادبوونی نارەزایەتیی خەڵک.

پارســـا لەو پەیوەندییەدا زۆرتر ئێران لەگەڵ کۆریای باشـــوور بـــەراورد دەکا. لەگـــەڵ ئەوەی ئەرتـــەش لـــە کۆریـــای باشـــووردا دەســـەڵاتی بەدەســـتەوە بـــوو و نیزامێکـــی دیکتاتۆریـــی دامەزراندبوو، بەڵام ئەرتەش لەو وڵاتەدا بەرنامەی ستراتێژیکی بریتی بوو لە بەسەنعەتیکردنی وڵات و هەوڵدان لە پێناو گەشەی ئابووریدا. هەروەها نە دەستێوەردانی لە ژیانی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیدا دەکرد، نە دەستێوەردانی لە سیستەمی ئابووریدا دەکـــرد. لەگـــەڵ ئۆپۆزســـیۆنی میانەڕەویش بە نەرمـــی دەجووڵایەوە، بە تایبـــەت پێش قۆناغی دێموکراتیزاســـیۆن. کاتێک ئەرتەش ســـەرکەوت لەوەی گەشـــە بە ئابووریـــی وڵات بدا، ڕێگای بە ڕیفۆرم دا و دواجار ئەرتەش دەستی لە دەسەڵات هەڵگرت، هەرچەند لە ئەوەڵین هەڵبژاردنی ئازاددا، دەسەڵاتدارانی پێشوو براوە بوون. خاڵێکی دیکەی

جێگای ئاماژە ئەوەیە کە ئەرتەش دوای ئەوەی دەسەڵاتی لە دەست دا، توانییان بگەڕێنەوە سەر پیشەی خۆیان. بەرژەوەندیی ئابووریی ئەرتەش و پێگەی کۆمەڵایەتییان بەند نەبوو بە مانەوە لە دەسەڵاتدا. بە پێچەوانەوە، شا لە ئێران، مارکۆس لە فیلیپین و سوهارتۆ لە ئەندونێزی لە ڕێگای قۆرخکردنی دەسەڵاتی سیاسییەوە، سامانێکی بەرچاوی شەخسییان وەدەست هێنابوو؛ بۆیە نەیاندەویست دەست لە دەسەڵات هەڵگرن. دواجار هەرسێکیان لە ڕێگای شۆڕشەوە وەلانران. پارسا هەمان چارەنووس بۆ مەلاکان لە ئێران پێشبینی دەکا.[٧]

بە کورتی، ئایدۆلۆژیی کۆماری ئیسلامی و سیستەمی سیاسیی ویلایەتی فەقیهی بارودۆخێکی وای پێکهێناوە کە ئەو سیستەمە بە ڕیفۆرم ناگۆڕدرێ. پارسا لەو پەیوەندییەدا ئاماژە بە هەوڵی «ڕیفۆرمخوازەکانی» ناو ڕێژیم دەدا و دەنووسێ کە ڕێژیم ڕێگا بە ڕیفۆرم نادا. ڕێژیم نارەزایەتی لە دەروونی خویدا و لە نێو کۆمەڵگادا بە سەرکوتی بەردەوام وڵام دەداتەوە. ئەمەش وای کردووە هیچ مەجالێک بۆ تەنازولکردن نەمێنێ. بە بێ سەرکوتی بەردەوام، دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی ناتوانن لە دەسەڵاتدا بمێننەوە. بۆیە، پارسا بەو دەرئەنجامە دەگا کە ئەگەری زۆرە ئێران لە ڕێگای شۆڕشەوە بەرەو دێموکراسی گوزار بکا.[٨]

لە گەڵ ئەوەی زەمینەی شۆڕش لە ئێراندا لەبارە، بەڵام توانای دژبەرانی ڕێژیم سنووردارە. پارسا بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دان بەم ڕاستییەدا دەنێ. بۆیە، کاتێک دەتوانین لە ئێراندا چاوەڕوانی گۆڕانی بنەڕەتی بین کە ڕێژیم لاواز ببێ. لێکۆڵەرێکی دیکە بە شێوەیەکی سیستەماتیک نیشانی داوە کە نارەزایەتی و ڕاپەڕین لە ئێراندا ڕووی لە زیادبوون کردووە. هاوکات، سەرکوتی خەڵک و توانای دامەزراوەی ڕێژیم بۆ سەرکوتکردن، زیادی کردووە.[٩]

دەتوانین ئەوەی لێ زیاد بکەین کە نەبوونی هەواڵبەندی لە نێوان چینە کۆمەڵایەتییەکان و نەتەوەکانی ئێران، هەروەها نەبوونی ئۆپۆزسیۆنێکی یەکگرتوو کە پابەند بێ بە دێموکراسی، کۆی ئەمانە وای کردووە ڕێژیم بتوانێ لەسەر دەسەڵات بمێنێتەوە. پارسا پێشبینی دەکا کە دواجار ئەگەری زۆرە ئێران لە ڕێگای شۆڕشێکی خوێناوییەوە گوزار بکا بەرەو دێموکراسی.

بە کورتی، لەگەڵ ئەوەی هەلومەرجی شۆڕش لە ئێراندا لەبارە، بەڵام بە نەبوونی هەواڵبەندی و ئۆپۆزسیۆنێکی یەکگرتوو، مەرج نییە شۆڕش ڕوو بدا. ئەمەش ڕاستییەکە کە پارسا دانی پێدا دەنێ. بەڵام دەکرێ ئەوەی لێ زیاد بکەین کە مەرج نییە بارودۆخ هەروا بمێنێتەوە. دەکرێ ئەو هەواڵبەندییە لە نێوان چینە کۆمەڵایەتییەکان و نەتەوەکانی ئێراندا پێک بێ، دەکرێ ئۆپۆزسیۆنێکی یەکگرتوو و دێموکراسیخواز سەرهەڵبدا. قووڵبوونەوەی قەیران لە ئێراندا دەتوانێ یارمەتیدەری پرۆسەیەکی وا بێ. لە لایەکی دیکەوە، سیاسەتی ئەمریکا دەتوانێ ڕێژیم بەهێز بکا یان لانیکەم گوشارەکانی لەسەر کەم بکاتەوە (وەک لە کەیسی سیاسەتی هەڵکردنی ئیدارەی ئۆباما لەگەڵ کۆماری ئیسلامی و بەستنی ڕێککەوتنی ناوکی و هەڵگرتنی گەمارۆ نێودەوڵەتییەکان لە سەر ئێران)، یان ئەوەی لاوازی بکا (وەک لە کەیسی سیاسەتی «ئەوپەڕی گوشارهێنان» بۆ ڕێژیم لە لایەن ئیدارەی ترامپەوە و سەپاندنی کۆمەڵێک گەمارۆ بەسەر ئێراندا).

فاکتەرێکی دیکە کە دەتوانێ یان بە زەرەر یان بە قازانجی کۆماری ئیسلامی بشکێتەوە، دەوری بەناو ڕیفۆرمخوازەکانە لە ئێراندا. خاڵی لاوازی لێکدانەوەی پارسا بریتییە لە تێگەیشتنی ناوبراو لە سەر ئەوان. ڕیفۆرمخوازەکانی ڕێژیم تاکوو ئێستا مانیفێستێکیان لە پێناو ڕیفۆرمدا پێشکەش نەکردووە. لەگەڵ ئەوەش، لە نێوەڕاستی نەوەدەکانەوە توانییان سەرنجی خەڵک بۆ لای خۆیان ڕابکێشن. ڕاستییەکەی، ڕیفۆرمخوازەکان سوودی سیاسییان بۆ ڕژیم هەبووە، بەو مانایەی کە هەم توانیویانە بە باسکردن لە ڕیفۆرم (هەڵبەت بە بێ مانیفێست) پشتیوانیی بەشێک لە خەڵکی

ئێران بۆ خۆیان مســـۆگەر بکەن، هەمیش وڵاتانی ڕۆژاوا بێننە ســـەر ئەو باوەڕە کە دەبێ ســـەبریان لەگەڵ کۆماری ئیســـلامیدا هەبێ، یان ئەوەی لە نێوان وڵاتانـــی ڕۆژئاواییـــدا دووبەرەکی بنێنەوە. ڕیفۆرمخوازەکان نەک تەنیا ڕێژیمپارێزن، بەڵکوو هەروەها بە ڕاکێشانی خەڵک بۆ بەشداری کردن لە هەڵبژاردنەکانی ڕێژیم، کە لە رووی دامەزراوەییەوە بە مەبەســـتی وەدەســـتهێنانی ڕەوایی بۆ ڕێژیم ڕێکدەخرێن، تا ڕادەیەک کۆماری ئیسلامییان لە دیکتاتۆرییەتی ویلایەتـــی فەقیهییەوە گۆڕیوە بۆ دیکتاتۆرییەتێکی هەڵبژێردراو. بەڵام لە ســـاڵانی دواییدا ڕیفۆرمخوازەکان دەورەی جارانیان نەماوە، مەگەر ئەوەی خامنەیی لە پێناو مودیرییەتکردنی قەیرانـــە نێوخۆیـــی و دەرەکییەکانـــدا دیســـان مەیدانیان پێ بداتەوە.

فاکتەرێکی دیکە بێگومان تەمەنی خامنەییە. ڕوون نییە کە پاش مەرگـــی خامنەیی، کۆماری ئیســـلامی بەرەو چ ئاراستەیەک دەڕوا، هەرچەند بەرژەوەندیی مەلاکان وا دەخوازێ کە جێگرێکی بـــۆ دیاری بکـــەن. هەڵبەت بـــە لەبەرچاوگرتنی قووڵبوونـــەوەی ناکۆکیی نێـــوان باڵەکانی ڕێژیم، ڕەنگبێ یەکلاکردنەوەی مەســـەلەیەکی وا وەک پاش مەرگی خومەینی سانا نەبێ.

لە هەموو ئەمانـــەش گرنگتر بێگومان توانای بەرچاوی سەرکوتکردنی سپا و بەسیجە. هێندێک ڕێژیـــم لە دونیادا هـــەن — لەوانە کۆریای باکوور و کووبـــا و لە ســـاڵانی دواییـــدا ڤێنێزوێلا — کە بارووددۆخـــی ئابووریيـــان لە کۆماری ئیســـلامی خراپتـــرە، بەڵام بـــە بێ ئـــەوەی ڕێژیمی حاکم لـــەو وڵاتانەدا بڕووخێ. هەرچەنـــد هەلوومەرجی جیـــاوازی نێوخۆیی و نێودەوڵەتیـــی ئەو وڵاتانە دەبێ لەبەرچاو بگیردرێ، بەڵام وێدەچێ تواناییی ســـەرکوتکردن و ئیرادەی ســـەرکوت یەکێک لە هۆکارە ســـەرەکییەکانی مانەوەی ئـــەو ڕێژیمانە بێ. بۆیە، تەنانەت ســـەرهەڵدانی ئۆپۆزســـیۆنێکی یەکگرتوو لە خۆیدا مەرجی بەس (کافی) نییە بۆ گۆڕینی ڕێژیم لە ئێراندا.

بـــەدەر لە توانـــای ســـەرکوتکردن لە لایەن ســـپا و بەســـیجەوە، کۆی ئەو فاکتەرانەی دیکە کە باس کـــران، قابیلی گۆڕانـــن. ڕەنگبێ توانای سەرکوتکردنی ســـپا و بەسیجیش بتوانێ گۆڕانی بەســـەردا بێ، هەرچەند ئەگـــەری کەمە. ئەگەر پێشبینییەکەی پارسا ڕاست بێ کە دواجار ئێران لە ڕێگای شۆڕشەوە گوزار دەکا بەرەو دێموکراسی، ئەوجا وێدەچێ ئێران تووشـــی شـــەڕی نێوخۆیی ببێ. مەرج نییە لە ســـێناریۆیەکی وادا، نەتیجەی شـــەڕی نێوخۆیی دێموکراسی بێ. خاڵێکی دیکە، وەک لە سووریا شاهیدی بووین، سیاسەتی وڵاتانی ناوچەیی و زلهێزانە لە ئەگەری شـــەڕی نێوخۆیی لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناویندا. بە بێ پشـــتیوانیی ئێـــران و ڕووســـییە، ئەگەری کەوتنـــی ڕێژیمی ئەسەد زۆر بوو. ڕوون نییە لە داهاتوودا ئیسرائیل، سعودییە و ئەمریکا لە لایەک و ڕووسییە و چین لە لایەکی دیکە لە ئەگەری شـــەڕی نێوخۆیی لە ئێراندا چ سیاسەتێک بگرنە بەر. ناڕوونبوونی ئەمە تا ڕادەیەکـــی زۆر دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی چ جۆرە ئۆپۆزســـیۆنێک بتوانێ لە ئێراندا سەرهەڵبدا و چ جۆرە بەرنامەیەکی سیاسیی بەرێتە پێش. لێرەدا فاکتەرێکـــی دیکـــەی ناڕوون دەوری ئەرتەشـــە، کە ئایا لە ئەگەری شـــۆڕش و شەڕی نێوخۆییدا پشـــتیوانی لە سپا و بەســـیج دەکا یان دژ بەوان ڕادەوەستێ.

بە کورتی، بۆچوونی پارســـا سەبارەت بەوەی کە کۆماری ئیســـلامی ڕێگای ڕیفۆرمی لە ئێراندا بەستووە، دروســـت دێتە بەرچاو. هەڵبەت پارسا بە شێوەیەکی ڕاســـتەوخۆ ناپەرژێتە سەر ئەوەی کە ئایا لە ئێراندا پێشـــمەرجی دێموکراتیزاسیۆن لە ئـــارادا هەن یان نـــە. زۆرتر گرنگـــی دەدا بە ویست و داخوازیی خەڵک بۆ گۆڕان بەرەو ئازادی و دێموکراســـی. بەڵام لە پاش بەهاری عەرەبیدا، شـــاهید بووین کە ئەوە لـــە خۆیدا بەس نییە. بە واتایەکی دیکە، مەرج نییە شۆڕش دێموکراسیی لێ بکەوێتەوە.

لە گەڵ ئەوەی وڵامدانەوە بە دوو پرســـیاری یەکەمی ئەم وتارە — واتە، ئایا ئێران مایەی ئەوەی تێدایە بەرەو دێموکراســـی گوزار بکا؟ ئەگەر ئەو

مایەیەی تێدایە، ئایــا ئەوە لە ڕێگای ڕیفۆرم یان شۆڕشــێکی دیکەوە دەبێ؟ - کارێکی سانا نییە، بەڵام ڕەتکردنەوەی بــێ ئەملاو ئەولای ئیمکانی دیموکراســی لە ئێراندا، کارێکــی گونجاو نایەتە بەرچاو. بۆیە، دەرئەنجامێکی ئەم وتارە ئەوەیە کە بنەمایەکی قایم لە ئارادا نییە بۆ ئەوەی پێشــنیار بــە بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵات بکرێ کە واز لە ئامانجی دیموکراتیزەکردنی ئێران بێنێ.

هەرچەند لەو بارەیەوە پێویستە لێکۆڵینەوەی جیــددی ئەنجام بدرێ، لە بــەر چوار هۆ ناکرێ بزووتنــەوەی کــورد دەســت لــە ئامانجێکی وا هەڵگرێ. یەکەم، ئــەو ڕووناکبیر و چالاکوانانەی کــە بۆچوونیــان وایە دیموکراســی لــە ئێراندا ئیمکانی نییە، تاکوو ئێستا ئەوەیان نەسەلماندووە. هەڵبــەت لــە بەرانبــەردا، ناکرێ بــێ ئەملاو و ئەولا پێچەوانەکەشی بســەلمێندرێ. لە لایەکی دیکەوە، نکۆڵی کردن لە مافی نەتەوایەتیی کورد و ڕەتکردنەوەی فێدرالیزم لەلایەن ئەو بەشــە لە ئۆپۆزسیۆنی فارس کە خۆیان بە دیموکراسیخواز لەقەڵەم دەدەن، بووەتە هۆی هێنانە ژێر پرسیاری ئامانجــی لەمێژینــەوەی بزووتنــەوەی کورد لە ڕۆژهەڵات ســەبارەت بە دیموکراســی لە ئێراندا. ئەمەش قابیلی دەرکە، بەڵام پرســیار ئەوەیە کە ئایا هەڵوێستی ئۆپۆزســێۆنی دەرەوەی وڵات، کە پرش وبڵاو و لاوازن، دەکــرێ بکرێ بە بنەما بۆ وەلانانــی ئامانجێکی وا؟ مــرۆڤ دەتوانێ گومانی ســەبارەت بەوە هەبێ کە لە ئێراندا پێشمەرجی دیموکراتیزاســیۆن لــە ئــارادا بێ یــان گومانی هەبێ ســەبارەت بە نییەتی ئۆپۆزیســیۆن، بەڵام لە ڕوانگەیەکی مێژووییەوە دەبێ ئەو مەسەلەیە وەک پرۆســە چاوی لێ بکرێ تاکــوو ئەوەی بە دیدێکی ئەورۆیی حوکمی لە سەر بدرێ.

دووهەم، تەنیــا کاتێک بزووتنــەوەی کورد ســـتراتێژیی خۆی لە تێکۆشــان بــۆ پێکهێنانی ئێرانێکی دیموکراتیک و فێدراڵەوە بۆ سەربەخۆیی بگۆڕێ، دەکــرێ ئەو ئامانجــە وەلا بنرێ. بەڵام تاکــوو ئێســتا، نــە ئــەو حیزبانــەی خوازیاری سەربەخۆیین، نە ئەو ڕووناکبیر و چالاکوانانەی کە ســەربەخۆییخوازن، ستراتێژییەکیان لەو بارەیەوە دارشــتووە. لێرەدا دوو مەســەلە تێکەڵ دەکرێ: ئەوەی کە گەلی کورد مافی ڕەوای سەربەخۆییی هەیە جیاوازە لەگەڵ ئــەوەی بزووتنەوەی کورد توانای ئەوەی هەبێ سەربەخۆیی بەدەست بێنێ. بە واتایەکی دیکە، هەق و توانا دوو شتی جیاوازن. دارشــتنی ســتراتێژی ناکرێ ســنووردار بکرێ بە دیاریکردنــی ئامانج؛ دارێژەرانی ســتراتێژیی ســەربەخۆیی هەروەها دەبێ بــە ڕوونی دیاریی بکەن کە بــە کەڵک وەرگرتن لە چ ئامرازگەلێک دەکرێ ئامانجی سەربەخۆیی وەدەست بهێندرێ. گومانی تێدا نییە، دامەزراندنی دەوڵەت باشترین زامنە بۆ پاراســتنی ئاسایشــی نەتەوەییی کورد. لە ئێســتادا هەلومەرجی نێوخۆیی و نێودەوڵەتی لەبار نییە بۆ پێکهێنانی دەوڵەتێکی کوردی، بەڵام هەلومەرجی نێوخۆیی و نێودەوڵەتیی بەردەوام لە گۆڕاندایە، هەرچەند بە ئەسپاییش بێ و هەرچەند هەمــوو جۆرە گۆڕانێک لەو ڕووەوە (بە تایبەت لە ئاســتی نێودەوڵەتیدا) هەمیشە ناکرێ بە سوودی کورد بێ. گرنگ ئەوەیە بزووتنەوەی کورد بە پێی هەلومەرج، ستراتێژی و سیاسەتی خۆی دابڕێژێ و بگۆڕێ.

ســێهەم، تەنانەت ئەگەر لــە داهاتوودا کورد بتوانێ ســەربەخۆیی وەدەســت بێنێ، مەسەلەی دیموکراســی لە ئێراندا پەیوەندیی بە ئاسایشــی نەتەوەییــی کــوردەوە دەبــێ. لەگــەڵ ئەوەی هێندێــک کەیســی ڕیزپەڕ هەیــە ( پەیوەندیی پڕکێشەی هیند و پاکستان بۆ نموونە، بە مەرجێ پاکســتان بە دیموکراســی بێتە ئەژمــار)، بەڵام وڵاتانــی دیموکراتیک پەیوەندیی ئاشــتییانەیان هەیە پێکەوە، هەروەها تواناییان هەیە لە ڕێگای دانوســتاندنەوە کێشــەکانیان چارەســەر بکەن. پێش ســەربەخۆییش، دیموکراســی لــە ئێراندا پەیوەندیی بە ئاسایشی نەتەوەییی کوردەوە هەیە. بەرژەوەندیی ئاسایشی نەتەوەییی کورد بریتییە لە پاراســتنی زمان و کولتووری کوردی لە خەتەری ئاسیمیلاســیۆن، پاراستنی خەڵکی کوردستان لە خەتەری ژێنوســاید، هەروەها پاراستنی ژینگەی

کوردستان لە خەتەری ژینگەیی و هتد. لەگەڵ ئەوەی کەیسی ڕیزپەڕ لەو بارەیەشەوە هەیە (دەتوانین ئاماژە بە نموونەی میانمار یان بورما بدەین، کاتێک پاش دیموکراتیزەبوونی ئەو وڵاتە ئەرتەش دەستی برد بۆ پاکتاوکردنی ڕۆهینگاکان، هەروەها دەتوانین ئاماژە بە هەوڵی گۆڕینی دیموگرافیی باکووری کوردستان لەلایەن تورکییەوە بدەین لە ساڵەکانی نەود کاتێک کە ئەو وڵاتە «دیموکراتیک» بوو، یان ئاماژە بدەین بە زیندانیکردن و سەرکوتکردنی بزووتنەوەی مەدەنیی کورد لە تورکیە لە ساڵانی دواییدا)، بەڵام گومانی تێدا نییە کە دیموکراسی – تەنانەت ئەگەر نەبێتە هۆی دانپێدانان بە مانی نەتەوایەتیی نەتەوە بێ دەوڵەتەکان – باشترە لە دیکتاتۆرییەت. هەر نەبێ، لە ئێرانێکی دیموکراتیکدا، گەلی کورد مافی ئازادیی بەیان، مافی کۆبوونەوە و تەنانەت پێکهێنانی ڕێکخراوی سیاسیی دەبێ، هەروەها ئەستەم دەبێ بۆ ڕێژیمی حاکم لە تاران، کوردستان میلیتاریزە بکا و هەوڵی تواندنەوە و گۆڕینی دیموگرافیی کوردستان بدا.

چوارەم، بۆ ڕۆژاوا، کە سیاسەتیان بریتییە لە چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد لە چوارچێوەی ئەو وڵاتانەی کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە، گرنگە بزووتنەوەی کورد پابەند بێ بە دیموکراتیزەکردنی ئەو وڵاتانە. کەوابوو، مەسەلەی دیموکراسی لەو وڵاتانەدا بۆ بزووتنەوەی کورد ڕەهەندێکی نێودەوڵەتییشی هەیە.

## بەراوردێک لە نێوان سپانیا و ئێراندا

وڵامدانەوە بە سێهەم پرسیاری ئەم وتارە تا ڕادەیەک ساناترە. بە ئاماژەدان بە سپانیا، کانادا، بێلژیک، بریتانیا، سویس و هێندێک وڵاتی دیکە لە ڕۆژاوا، دەتوانین بڵێین دیموکراسی دەتوانێ چارەسەر بێ بۆ مەسەلەی نەتەوایەتی لە وڵاتانی فرەنەتەوەدا – جا لە شکڵی ئۆتۆنۆمیدا بێ یان فێدرالیزم.[۱۰]

لێرەدا دەکرێ لە کەیسی سپانیا وردبینەوە، چونکە سپانیا وێکچوونی زۆرە لەگەڵ ئێران. هاوشێوەی ئێران فرەنەتەوەیە. هەروەها هاوشێوەی ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی، بۆ چوار دەیە حکومەتێکی دیکتاتۆر لەو وڵاتەدا لەسەر دەسەڵات بوو. لە ڕووی مێژووییشەوە خاڵی هاوشێوەیان هەیە: هەردووکیان لە ڕابردوودا ئیمپراتۆری بوونە. هەڵبەت سپانیا لە ئەورووپا هەڵکەوتووە (ناوچەیەک کە کۆمەڵێک وڵاتی دیموکراتیکی تێدایە و «یەکیەتیی ئەورووپای» تێدا بەدی هاتووە)، لە کاتێکدا ئێران لە ڕۆژهەڵاتی ناوین هەڵکەوتووە (ناوچەیەک کە پڕە لە ڕێژیمی دیکتاتۆر و سەرەڕۆ و دامەزراوەیەک لە بابەتی «یەکیەتیی ئەورووپای» تێدا نییە). بە پێچەوانەی ئێران، سپانیا خاوەن سەرچاوەی سرووشتیی وەک نەوت نییە. وەک باس کرا، نەوت بەڵایەکی گەورەیە و بەربەستێکی جیدییە لە سەر ڕێگای پرۆسەی دیموکراتیزاسیۆن لە وڵاتانێکدا کە نەوت سەرچاوەی سەرەکیی داهاتیان پێک دێنێ.

گوزاری سپانیا بەرەو دیموکراسی لە کۆتاییەکانی ۱۹۷۰دا، پاش مەرگی فرانکۆ و کۆتاییهاتنی دیکتاتۆرییەتی ناوبراو، جێگای سەرنجە. لەگەڵ ئەوەی سپانیا لە ساڵی ۱۸۷۳دا بۆ ماوەیەکی کورت سیستەمێکی فێدراڵی هەبوو کە پێکهاتبوو لە ۱۵ هەرێم، مەسەلەی نەتەوایەتی لەو وڵاتەدا تا ڕادەیەک پێش دیکتاتۆرییەتی فرانکۆ چارەسەر کرا بوو. کاتالۆنیا، هەرێمی باسک و گالیسیا، سێ هەرێمی گرنگی ئیسپانیا، لە نێوان شەڕی یەکەم و دووهەمی جیهانیدا، کاتێک سپانیا نیزامێکی دیموکراتیکی بوو، ئۆتۆنۆم بوون. هەڵبەت فرانکۆ بە بیانووی ئەوەی کە دیکتاتۆرییەت باشترین شێوەیە بۆ پاراستنی «یەکپارچەیی»ی سپانیا و بە ئاماژەدان بە ئۆتۆنۆمیی ئەو سێ هەرێمە وەک خەتەر لە سەر یەکپارچەییی سپانیا، ڕەوایەتی بە دەسەڵاتداریی خۆی دا. پاش کۆتاییهاتنی شەڕی نێوخۆیی و سەرکەوتنی فرانکۆ لەو شەڕەدا، کە یەکێک لە خوێناویترین شەڕە نێوخۆییەکانی ئەورووپا بوو لەو کاتەدا، تاکوو مەرگی ناوبراو لە ساڵی ۱۹۷۵دا، نەتەوەکانی دیکە لە سپانیا لە ژێر زوڵمدا دەژیان

و زمان و کولتووریان قەدەغە کرابوو.[١١]

کاتێک فرانکۆ کۆچی دوایی کرد، سپانیا لە قەیرانێکی قووڵی ئابووریدا بوو. نەمانی فرانکۆ وێڕای قەیرانی ئابووری بووە هۆی ئەوەی نوخبەی سیاسیی ئەو وڵاتە، واتە دەسەڵاتدارانی ڕێژیمی فرانکۆ و ئۆپۆزیسیۆن، ڕێک بکەون لەسەر ئەوەی ڕێگای دێموکراسی بگرنە بەر. بۆیە، دێموکراسی لە سپانیا بە «دێموکراسیی پەیمانی» لەقەڵەم دراوە و لە نەتیجەی ڕێککەوتنێک لە نێوان دەسەڵاتدارانی پێشوو و ئوپۆزسیۆندا، بە شێوەی نهێنیی، هاتە کایەوە. هەڵبەت لەو کۆبوونەوە نهێنییانەدا بڕیار درا کە ڕابردوو بسپێرن بە ڕابردوو؛ واتە، ئەوانەی کە لە سەردەمی فرانکۆدا دەستیان لە سەرکوت و چەوساندنەوەی خەڵکدا هەبوو، دادگایی نەکران. لە لایەکی دیکەوە، پەیکەری فرانکۆ و هێماکانی ڕێژیمی پێشوو وەک خۆیان مانەوە. هەروەها بە پێچەوانەی زۆر وڵاتی دیکە، بیرۆکراسیی سپانیا لە کاربەدەستانی سەردەمی دیکتاتۆرییەتی فرانکۆ پاکسازی نەکران.

نوخبەی سیاسی لەگەڵ ئەوەی دەیانزانی کە پرسی گرنگ و مێژوویی لە سپانیادا پرسی نەتەوایەتییە و دەیانویست لە پرۆسەی گوزار بەرەو دێموکراسیدا ئەو مەسەلەیە چارەسەر بکەن، لە پێشدا بڕیاریان دا دەستوورێک بنووسن کە یەکبوونی دەوڵەت بپارێزێ و بەو بۆنەیەوە، موخالیفی فێدرالیزم بوون. دواتر لە ڕێگای وتووێژەوە و پاش پەسەندکردنی دەستووری نوێ، ئامادە بوون ئۆتۆنۆمی یان خودموختاری بە سێ هەرێمی «مێژوویی» – واتە کاتالۆنیا، هەرێمی باسک و گالیسیا – بدەن. هەر لەو پرۆسەیەدا، ڕێککەوتن لە سەر دانی ئۆتۆنۆمی بە ١٣ هەرێمی دیکە.

مادەی ٢ لە دەستووری سپانیا، ڕێگا دەدا بە پێکهێنانی هەرێمی ئۆتۆنۆم. مادەی٣ زمانی کاستیلی (یان سپانیایی) وەک زمانی فەرمی سپانیا دادەنێ؛ هەروەها دان بە هەبوونی زمانی دیکەشدا دەنێ، هەڵبەت بە بێ ئەوەی زمانەکانی دیکە لە دەستووردا بە زمانی فەرمی بناسێ. لە هەر هەرێمێکدا دەبێ زمانی کاستیلی هاوشانی «زمانی هەرێمی»، زمانی فەرمی بێ. «زمانی هەرێمی» تەنیا لە هەرێمەکاندا زمانی فەرمین. بەدەر لەمانە، مافی ئۆتۆنۆمیی هەرێمەکان دیاری نەکراوە. هەرێمەکان بە ئەنجامدانی ڕێفراندۆم سەبارەت بە پێکهێنانی هەرێم و دواتر لە ڕێگای وتووێژەوە لەگەڵ حکومەتی ناوەندی، ناوەڕۆکی ئۆتۆنۆمیی خۆیان دیاریی کردووە. لەو ڕووەوە، ناهاوسەنگییەک هەیە. بۆ نموونە، لە هەرێمی باسکدا، حکومەتی هەرێم مافی وەرگرتنی باجی هەیە، لە کاتێکدا هەرێمەکانی دیکە ئەو مافەیان نییە.[١٢]

لە سپانیادا لامەرکەزییەت تا ڕادەیەک بەدامەزراوەیی کراوە، بەڵام دەوڵەت فێدراڵ نییە. لێکۆڵەرێک ئەمە وەک یەکێک لە خاڵە لاوازەکانی مۆدێلی لامەرکەزییەت لە سپانیا لە قەڵەم دەدا و داهاتووی بە ناڕوون دەزانێ. مەبەستی ئەوەیە لە دەستووردا دەسەڵات لە نێوان حکومەتی ناوەندی و هەرێمەکاندا دابەش نەکراوە. هەروەها بە هۆی ئەوەوە سپانیا سیستەمێکی فێدراڵی نییە، خانەیەکی دووهەم یان سەنایێکی بەهێز هاوشێوەی وڵاتانی فێدراڵ لە پاڵ پەرلەمانی سپانیا بوونی نییە. وەک ئاماژەی پێ درا، نێوەڕۆکی لامەرکەزییەت لە ئەساسدا بە وتووێژ دیاری دەکرێ.[١٣]

لە لایەکی دیکەوە، لە هەرێمی باسک ڕێکخراوی «ئێتا» و باڵی سیاسیی ئەو ڕێکخراوەیە خوازیاری سەربەخۆیین. «ئێتا» تۆمەتبارە بە بەکاربردنی تیرۆر لە پێناو گەیشتن بەو ئامانجەی. هەڵبەت لە کاتالۆنیا و گالیسیا، دوو هەرێمەکەی دیکە کە بە «هەرێمی مێژوویی» دەناسرێن، خەباتی چەکداری نەکراوە. لە ساڵی ٢٠١٧دا لە کاتالۆنیا ڕێفراندۆمێک ئەنجام درا کە دادگای باڵای سپانیا بە نایاسایی لەقەڵەم دا، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی پۆلیسی سپانیا زەبروزەنگ دژ بە لایەنگرانی ڕێفراندۆم بەکار بەرن.

وێدەچێ سەرکەوتنی گوزاری سپانیا لە دیکتاتۆرییەتەوە بۆ دێموکراسی ئەوە بێ کە

نوخبەی سیاسی لەو وڵاتەدا بە کۆدەنگی بڕیاریان دا لە ڕێگای هاوکاریی نێوان حیزبەکان سەبارەت بە سیاسەتی نێوخۆیی و سیاسەتی دەرەوە، هەروەها هاوکاریکردن سەبارەت بە پەیوەندیی نێوان حکومەتی ناوەندی و حکومەتی هەرێمەکان، ئەو پرۆسەیە بە نەتیجە بگەیەنن. پاش ئەوەڵین هەڵبژاردنەکان، هیچ حیزبێک زۆرینەی دەنگی خەڵکی وەدەست نەهێنا. ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە حیزبەکانی سپانیا ناچار بن داوای هاوکاریی لە حیزبی نەتەوەکانی دیکە لە هەرێمە جیاوازەکاندا بکەن. کۆی ئەمانە وای کردووە دێموکراسی و لامەرکەزییەت لە سپانیادا بە سەرکەوتوو لە قەڵەم بدرێ.[۱۴]

هەڵبەت ئەوە بە مانای ئەوە نییە مۆدێلی لامەرکەزییەت لە سپانیادا بێ کێشە بووە. شەڕی «ئێتا» لەگەڵ دەوڵەتی سپانیا نموونەیەکە لەو بارەیەوە. ویستی کاتالۆنییەکان بۆ ئەنجامدانی ڕێفرامدۆم و دژایەتیکردنی ڕێفراندۆم لە لایەن حکومەتی ناوەندییەوە، نموونەیەکی دیکەیە. جێگای ئاماژەیە کە لە ئاکامی شەڕی نێوان «ئێتا» و دەوڵەتی سپانیا، کە لە سەردەمی گوزار بەرەو دێموکراسیشدا درێژەی هەبوو، لە ساڵی ١٩٨١ یاسایەک پەسەند کرا کە هەر جۆرە هێرشێک بۆ سەر «یەکپارچەییی سپانیا» و تەنانەت هەر هەوڵێک لە پێناو «جودابوونەوە لە سپانیا»دا، تەنانەت بە شێوەی ئاشتیخوازانە، بە «تیرۆریزم» لە قەڵەم دەدا.[۱۵]

بەو پێیە، دەبێ جەخت بکرێتەوە کە دێموکراسی، تەنانەت کاتێک کە لە کەیسی سپانیادا و لە ڕێگای مۆدێلی لامەرکەزییەتەوە، دەبێتە هۆی چارەسەرکردنی مەسەلەی نەتەوایەتی، بە واتای کۆتاییهاتنی کێشە لە نێوان نەتەوەی بێ دەوڵەت و نەتەوەی باڵادەستدا نییە. (کێشەی بەردەوامی نێوان حکومەتی هەرێمی باشووری کوردستان و حکومەتی فێدراڵی عێراق نموونەیەکی دیکەیە لەو بارەیەوە.) لە هەمان کاتدا ناکرێ جیاوازیی نێوان دیکتاتۆرییەت و دێموکراسی لەبەرچاو نەگیردرێ. گومانی تێدا نییە کە ژیانی نەتەوەی باسک و کاتالان زۆر جیاوازە لە پاش دێموکراتیزەبوونی سپانیا بە بەراورد لەگەڵ سەردەمی دیکتاتۆرییەتی فرانکۆ. لە لایەکی دیکەوە، دێموکراسی لە خۆیدا لە هەموو شوێنێک نابێتە هۆی چارەسەرکردنی مەسەلەی نەتەوایەتی، یان ئەوەی دەستبەجێ مەسەلەی نەتەوایەتی پاش گوزار بەرەو دێموکراسی چارەسەر بێ. بریتانیا یەکێک لە دێرینترین دێموکراسییەکانی دونیایە، کەچی لە کۆتاییی نەوەدەکاندا ئۆتۆنۆمییان دا بە باکووری ئیرلەند، وەیڵز و سکاتلەند.[۱۶]

لەگەڵ ئەوەی، وەک پارسا بە دروستی ئاماژەی پێ دەدا، بە ئیحتمالی زۆر گوزاری ئێران بەرەو دێموکراسی لە ڕێگای ڕیفۆرم و دوور لە زەبروزەنگ ئیمکانی نەبێ، وێکچوونی ئێران لەگەڵ سپانیا و بە تایبەت بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی نەتەوەی فارس لە ئێراندا زۆرینەی بەرچاوی دانیشتوانی ئێران پێکناهێنن، پارسەنگی هێز لە نێوان نەتەوەکانی ئێراندا حیزبە فارسەکان ناچار بکا بە تەنازول کردن لە سەر مەسەلەی نەتەوایەتی. بۆیە، هەڵوێستی ئێستایان لە سەر مەسەلەی نەتەوایەتی، مەرج نییە دوای گوزار بەرەو دێموکراسی وەک خۆی بمێنێتەوە. ئەمە بە مەرجێک کە ئێران تووشی شەڕێکی نێوخۆیی نەبێ و لایەنی دەرەکی وەک ڕووسییە و چین دەستێوەردانی تێدا نەکەن و پشتیوانی لە کۆماری ئیسلامی نەکەن، هەروەها بە مەرجێک کە ڕێکخراوە فارسەکان دەروەست بن بە دێموکراسی. لە لایەکی دیکەوە، بەڵای نەوت لە ئێران بەربەستێکی جیدییە کە ڕەنگبێ لە ڕێگای سیستەمێکی فێدراڵەوە و بە دابەشکردنی داهاتی نەوت لە نێوان هەرێمە جیاوازەکانی وڵات، بکرێ ئاکامی خراپی کەم بکرێتەوە، تاکوو ئەو کاتەی ئێران لە ڕووی ئابوورییە بە شێوەی سەنعەتی گەشە بکا یان ئابوورییەکەی فرەلایەن بکا.

بە کورتی، لەگەڵ ئەوەی لە هێندێک وڵات مەسەلەی نەتەوایەتی لە چوارچێوەی دێموکراسیدا چارەسەر کراوە، مەرج نییە ئەمە

لە ئێراندا ڕوو بدا. بەڵام ناشکرێ ئیمکانی ئەوە ڕەد بکرێتەوە. فیدراڵیزم و دابەشکردنی دەسەڵات بە چەشنێک کە یارمەتیدەری هاوسەنگیی نێوان هەرێمەکانی ئێران بێ، دەشێ لەو ڕووەوە یارمەتیدەری دێموکراتیزەبوونی ئێران و چەسپاندنی دێموکراسی بێ لە ئێراندا. دووپات نەکردنەوەی ئەو هەڵانەی کە لە عێراقدا کراون، دەتوانێ لەو ڕووەوە یارمەتیدەر بێ.

## دوا وتە

ئەم وتارەی بەردەست لافی ئەوە لێ نادا کە بە شێوەیەکی یەکلاکەرەوە وڵامی ئەو پرسیارانەی دابێتەوە کە سەرەتا مەترەح کران. لەگەڵ ئەوەش، دەرئەنجامی ئەم وتارە ئەوەیە تاکوو سەبارەت بە دێموکراسی و پەیوەندیی ئەو لەگەڵ چارەسەرکردنی مەسەلەی نەتەوایەتیدا لێکۆڵینەوەی جیددی ئەنجام نەدرێ، پێشنیارکردن بە حیزبە سیاسییەکان یان فشار هێنان بۆیان کە واز لە ئامانجی وەدیهێنانی دێموکراسی لە ئێراندا بێنن، کارێکی بەسوود نایەتە بەرچاو — بە تایبەت تاکوو ئەو کاتەی ستراتێژییەکی گونجاوتر وەک بەدیل دانەڕێژرابێت.

بۆ ئەوەی باسێکی بەسوودی سیاسی لەو بارەیەوە دەست پێ بکا، پێویستە دەکا لێکۆڵینەوەی جیددی سەبارەت بە ئیمکانی دێموکراسی لە ئێراندا و پەیوەندیی دێموکراسی و چارەسەرکردنی مەسەلەی نەتەوایەتی لە ڕوانگەیەکی بەراوردکارانەوە ئەنجام بدرێ. بەراوردکردنی ئێران لەگەڵ سپانیا تەنیا هەنگاوێکە لەو ڕاستایەدا. دەکرێ ئێران لەگەڵ زۆر وڵاتی دیکەشدا بەراورد بکرێ. هەروەها ئەگەر ئۆپۆزسیۆنی فارس بەڕاستی دەرووەست بن بە دێموکراسی، دەبێ چارەسەرکردنی مەسەلەی نەتەوایەتی بە یارمەتیدەری دێموکراتیزەکردنی ئێران ببینن. ئەوەش پێویستی بە دیالۆگی جیددی و بەردەوام هەیە.

تاکوو ئەوکات، ئاسایشی نەتەوەیی کورد و سەبری ستراتێژیک وا دەخوازێ بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەردەوام بێ لەسەر گرنگیدان بە مەسەلەی دێموکراسی لە ئێراندا. لە هەمان کاتدا، بەهێزکردنی بزووتنەوەی کورد دەبێ هەوڵێکی بەردەوام بێ. هەرچەند بەستێنی دامەزراوەیی هەر وڵاتێک لە پەیوەندی لەگەڵ پێگە و مافی نەتەوە بێ دەوڵەتەکاندا گرنگیی هەیە، دواجار لە سیاسەتدا هێز یەکلاکەرەوەیە — هەڵبەت بە شکڵی جیاواز لە بەستێنی دامەزراوەیی جیاوازدا.

## ژێدەرەکان


1. Jan Teorell, Determinants of Democratization: Explaining Regime Change in the World, 1972-2006 (Cambridge: Cambridge University Press, 2010), chap. 1.
2. Dariush Zahedi, ”Prospects for Democratization in Iran: Policy Implications,” Insight Turkey, Vol. 12, No. 2 (Spring 2010), p. 225.
3. Ibid., pp. 224-25.
4. Ibid., ”Prospects for Democratization in Iran,” pp. 230-31.
5. Misagh Parsa, Democracy in Iran: Why It Failed and How It Might Succeed (Cambridge, Mass: Harvard University Press, 2016).
6. Parsa, Democracy in Iran, chaps. 1-2.
7. Parsa, Democracy in Iran, pp. 38 ff.
8. Parsa, Democracy in Iran, p. 57.
9. Saeid Golkar, ”Protests and Regime Suppression in Post-Revolutionary Iran,” The Washington Institute for Near East Policy, October 2020, PN85.
10. Thomas O. Hueglin and Alan Fenna, Comparative Federalism: A Systematic Inquiry (Peterborough: Broadview Press, 2006).
11. Omar G. Encarnación, Spanish Politics: Democracy after Dictatorship (Cambridge: Polity Press, 2008), chap. 6.
12. Encarnación, Spanish Politics, chaps. 1, 6.
13. Josep M. Colomer, ”The Spanish ’State of Autonomies’: Non-Institutional Federalism,” West European Politics, Vol. 24, No. 4 (1998).
14. Encarnación, Spanish Politics, pp. 2-3.
15. Encarnación, Spanish Politics, p. 98.
16. ”Devolution of powers to Scotland, Wales and Northern Ireland”, https://www.gov.uk/guidance/devolution-of-powers-to-scotland-wales-and-northern-ireland, Accessed December 3, 2020.